سەرۆک وەزیران و میری دەوڵەتی کوەت پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزان لێیەکتر دەکەن

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ چوارشەممە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی پێگەیشت لە میری دەوڵەتی کوەیت شێخ مشعل ئەلئەحمەد ئەلجابر ئەلسەباحەوە کە تیایدا پیرۆزبایییان گۆڕییەوە بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە و هەردووڵا هیوای بەردەوام بوونی سەقامگیری و ئاسایش و خۆشگوزەرانیان خواست بۆ هەردوو گەلی برا و هەموو گەلانی عەرەبی و ئیسلامی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران باویکردەوە

هەروەها لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا تاوتوێی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات کرا و هەوڵدان بۆ پتەوکردنیان و تیشک خرایە سەر دیارترین ئاستەنگییەکانی ئێستا لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی و ڕێگاکانی کاری هاوبەش، بەمەبەستی چەسپاندنی سەقامگیری و کردنەوە بەرەو گەشەپێدانی بەردەوام بەشێوەیەک لە بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکەدا بێت.